# زمانی شیعری
# لەنێوان ئەزمونی شاعیرو ئیستاتیکای دەقدا
## ( نالی وەکو نمونە )

د . ئازاد عبدالواحد کریم – مهدی فاتح عمر / زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی پەروەردە / چەمچەماڵ


**پوختە**

**لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ، ڕەخنەگرانی ئەدەب گرنگییەکی زۆریان بە بابەتی زمان دەدا ، وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی هەر تێکستێکی شیعریدا ، لەڕوانگەی ئەو بۆچوونەی کە جەخت لەسەر پێکهاتەی دەق دەکاتەوە،بەوەی کە زمان تەوەرێکی سەرەکییە لە بنیاتی شیعردا .**

**لێکۆڵینەوە زمانییەکان ئاماژە بە کاریگەریی زمان دەکەن لە چۆنێتی دەستنیشان کردنی شێوازی بیرکردنەوەو ئاستی پێشکەوتنی بواری زانستە سروشتییەکان ، بۆیە لەو بوارەدا چەند تەوەرێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر سەری هەڵدا ، کە پێشووتر ئەو گرنگییەی نەبوو . گرنگترین تەوەر لە لێکۆڵینەوەکان ، هەوڵدان بوو بۆ تێگەیشتن لە بەهای پێکهاتەی شیعری لەمیانەی ئەرکی زمانەوە ، بەوەی کە پێکهاتەی هەر دەقێکی شیعری بریتییە لە سیستەمی چەند ڕەگەزێکی پێکەوە گرێدراو.**

**دیارترین کێشەی ڕەخنەی ئەدەبی ، کە لە نێوەندە ئەدەبییەکان و بابەتە ڕەخنەییەکانی زۆربەی ڕەخنەگرانی شیعردا ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان دەبێتەوە ، پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەهەندەکانی بیرو گەیاندنی مەبەستی شاعیرە ، زۆربەی ڕەخنەگران لە خستنەڕووی هەر دەقێکی شیعریدا ، لە دوو ڕووەوە تەماشای پێکهاتەی شیعر دەکەن:مەبەست ( مانا )و شێوازی دەربڕین ، بەڵام لەمیانەی ئەو دابەشکردنەشەوە پرسیار لە بەهای هەر یەك لە مەبەستی شاعیرو چۆنێتیی گەیاندنی مەبەستەکەی دەکەن .**

**لەڕووی مەبەستەوە ، شاعیر بەپێی خواستەکانی سەردەم دەقە شیعرییەکانی دەگەیەنێتە خوێنەر،یەکەمین وەڵامدانەوەی خوێنەریش بۆ هەر دەقێك وەرگرتنی ماناکەیەتی ، بەڵام لەو پرۆسەیەدا زمان وەکو ڕەهەندێکی هەستپێکراو لە زەینی خوێنەردا مەبەستی شاعیر دەگەیەنێت .**

چونکە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمان و زەینی خوێنەردا هەیە ، وێنەی مەبەستی شاعیر لە بیرکردنەوەی خوێنەردا دەچەسپێنێ ، بەو مانایەی کە زمان و مانا هاوکێشەی بۆچوونێك لەلای خوێنەر دروست دەکات ، هەر ئەوەشە کە ئەرکی زمان لە هەر دەقێکی شیعریدا دەستنیشان دەکات.

لە ڕەخنەی ئەدەبیی کۆندا ، ڕەخنەگران جیاوازی لەنێوان ڕوخسارو ناوەڕۆك دەکەن،هەرچەندە زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزەکانی ڕوخسارو مەبەستی شاعیریش بە واتای ناوەڕۆك دێت ، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا ئەرکی زمان لەڕووی پێکهاتەوە گەیاندنی مەبەستە ، بەو مانایەی کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن ، لەو ڕوانگەیەوە تا ڕادەیەك ڕەخنەگران هیچ سنوورێك لەنێوان ڕوخسارو ناوەڕۆکدا دانانێن ، یان هەر دان بە بوونی ڕوخسارو ناوەڕۆکدا نانێن .

## ـ ئەگەری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

زمانی شیعری بابەتێکی گرنگە لە بابەتەکانی بنیاتی شیعریدا ، لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکانی زمانی شیعری لەڕووی ئەرك و پێکهاتەوە ، بەهایەکی زانستی بە دەق دەبەخشێت، ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ئەرکی زمانی شیعری ، لەڕووی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەق و گەیاندنی مەبەستی شیعری لە شیعرەکانی ( نالی ) دا .

## ـ گرنگیی بابەتەکە:

زمان ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکهاتەی شیعرە ، ڕەخنەگران ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەو بارەوە هەیە ، هەرچەندە سەرجەم ڕەگەزەکانی تری شیعر ، کە ( زمان و ئەزموون و ڕیتم و وێنەی هونەری) ن ، بە هەموویانەوە لە ئەنجامی بەیەکداچوون و کار لەیەکتری کردنیانەوە،دەقێکی ڕەسەن بەرهەم دێنن . لەبەرئەوەی بنیاتی گشتیی شیعر پەیوەندیی بە ئەرکی سەرجەم ڕەگەزەکانی شیعرەوە هەیە ، بەڵام زمان زیاتر لە ڕەگەزەکانی تر ، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی مەبەستی شاعیرو هەماهەنگی کردن لەنێوان ڕەگەزەکانی تری دەقدا .

## ـ ڕێبازی نوسینی بابەتەکە:

لە نووسینەوەی بابەتەکەدا ، ڕێبازی ( وەسفی – شیکاری ) بەکارهێنراوە .

## بەشی یەکەم

### ئەرکی زمان لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا:

زمان بە بەشێکی سەرەکیی پێکهاتەو ناوەڕۆکی شیعر دادەنرێت ، بەڵام لەڕووی بنیاتەوە بە شێوازێکی پەرەلێلیانە گەشە دەکات ، بەو مانایەی کە شێوازو جۆری دەقی ئەدەبی،هاوکات پێکەوە لە چوارچێوەی ئەزمونی شاعیرەوە مانیەك بەرجەستە دەکەن ، بە تایبەتی لە دەقی شیعریدا ، کە زمان ((لە شیعردا ، ڕوویەکی تایبەتی وەردەگرێت ، ئەرکی شاعیر لێرەدا بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوازە گشتی یەکەی و گۆڕینەوەی بۆ دەنگی تایبەتی ، ئەمەش لە ڕێگای بینین و بەهرەیەکی تایبەتی خۆیەوە کە دایدەنێت و ڕێکی دەخات ، لە دەوڵەمەندتریت شێوەی کار – بکەر دا ، بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی ئەدەبی لەڕووی واتا و دەنگ و پەیوەندی بنیات نان و ئاوازەکان بدات بەدەستەوە ))[١] .

ئەوەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت ، کە شاعیر لەمیانەی زمانی شیعرییەوە ، دەنگی تایبەت بۆخۆی پەیدا دەکات و ئەزموونی شیعریش هەر لەو ڕێگەیەوە نەشونما دەکات،زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دوالیزمی دەبینێت ، جگە لە شێوازە زمانییەکەی ، لە هەمان کاتیشدا ریتمێکی شیعری بە دەق دەبەخشێت ، وێڕای ئەوەی کە زمانی شیعری پێکهاتەیەکی هەبوونی شیعرە ، بەڵام بوونێکی سەربەخۆو سنوورێکی دیاری نەکراوی هەیە ، کە بەپێی سیستەمێکی زمانەوانی ڕێکدەخرێت ، (( لە هەموو سەردەمێکدا زمان کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە ، بەمانای ئەوەی زمانەکە پێڕەوی هەمان یاساو دەستوورەکانی زمان دەکات ، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە لە ئەنجامی یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانەوە ڕوو دەدەن،ئەویش لەهەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدا دەکات و تەعبیر لە دەلالەتێکی نوێ دەکات کە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێت ))[٢].

زمانی شیعری لە نێوان ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعریدا ، لەگەڵ ( ئاواز – وێنە – بابەت)دا، جۆرە سیمایەکی تایبەت بە دەق ئەبەخشێ و شیعرییەت پێك دێنێ ، چەنکە جۆرە لادانێك لە زمانی ئاساییدا بەرجەستە دەکات و پەیوەست بوونی خۆی لە ڕێگەی وێنەوە ئەڕەخسێنێ .

بە ئامێتەبوون و هەماهەنگیی نێوان بنیاتی ناوەوە و دەرەوەی دەق ، ئەرکی شیعرییەت بەرجەستە دەبێت ، (نائوم چۆمسکی ) دەربارەی چەمکی شیعرییەت وتویەتی: ((شیعرییەت

---

[١] عدنان حسين العوادي ، لغة الشعر الحديث في العراق – بين مطلع القرن العشرين والحرب العالمية – الثانية ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ص ٩ .

(٢) پەرێز سابیر محەمەد ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێ کردنەوەی شیعر ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – ٢٠٠٦ – ل ٢٨٥ .

یەکێکە لەو ئەرکانەی کە لەمیانەی وابەستەی پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەقدا وێک دەبێت ، ئەو ئەرکەش لە نێوان هەردوو بنیاتەکەدا دێتە دی و ڕوون ئەبێتەوە ، کە هاوکات هەمبەر بە چەمکی ڕەها و ڕێژەیی دەبێت ، بەڵام کاتێك کە بەرامبەرییەکی ڕەها لە دەقدا بەرجەستە ببێت ، لەو دەمەدا شیعرییەت نامێنێ ، بەڵام ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوان هەردوو بنیاتەکەوە ، لەو حاڵەتەدا شیعرییەت لە دەقەکدا بەرجەستە دەبێت، یان بە پێچەوانەوە کاریگەریی شیعرییەت نامێنێ ))[1] .

شێوازو ڕێڕەوی تایبەتیی بنیاتی شیعر ، بۆ ئەرکی زمانی شیعری دەگەڕێتەوە، لە ڕووی فۆرمیشەوە ، بنیاتی شیعری بەسەر دوو شێوەی (( دەنگی و سیمانتیکیدا دابەش ئەبێت و لە ئاستی دەلالیشدا فۆرم و بنیاتی تایبەت بە خۆی هەیە ))[2] .

ئەو شێوازە زیاتر لە کاتی وەرگێڕانی شیعر بۆ پەخشان بەڕوونی بەرجەستە دەبێت،چونکە لە پرۆسەی وەرگێڕانی دەنگ و ووشەدا دەردەکەوێت ، کە زمانی شیعری چ ڕۆڵێکی کاریگەریی لەسەر بنیاتی شیعر هەیە لەڕووی فۆرمەوە ، بەوەی کە زمان دەتوانێت بە تەنها فۆرمی شیعر بگۆڕێت ، نەوەك ناوەرۆك ، کەواتە زمانی شیعری (( پێکهاتەی وشەیەو لە چوارچێوەی ڕیزبەندییەکی تایبەتیدا دروست ئەبێت ))[3].

زمانی شیعری شیعرییەت بەرجەستە دەکات ، بۆنمونە هەندێك لە دەستەواژەو وشەی نێو دەق بۆ چەند یەکەیەکی کێش دەگۆڕێت ، بەو مانایەی کە پیتەکانی نێو وشەو دەستەواژە بەکارهێنراوەکان،وەکو هێمایەك نامێنن ، بەڵکو دەبن بە چەند هاوکێشەیەکی شیعری و شیعرییەتی پێ دەبەخشێت .

لەو ڕوانگەیەوە لە پرۆسەی بەرجەستەکردنی زماندا ، زمانی شیعری ئەم ئەرکانە دەستنیشان دەکات:

١. لەڕووی ئەرکەوە ، زمانی شیعری جیاوازترە لە زمانی پەخشان لە چێژ بەخشیندا.
٢. زمان لە چوارچێوەی داڕشتنی شیعریدا ، بەهای دەنگ و وشە بەرجەستە دەکات .
٣. لەمیانەی دەقی ئەدەبی و چۆنێتیی هەڵبژاردنی بابەتی شیعریدا، ئەرکی شیعر دیاری دەکات .
٤. چوارچێوەی فۆرم و ناوەڕۆکی دەقی شیعری و ڕێبازەکەی دەستنیشان دەکات.

---

(١) تزفیتان تودوروف ، الشعریة ، ط١ ، ت:شکري المبخوت ورجاء بن سلامة ، ( ط ١ ) ، دار توبقال للنشر – المغرب ، ١٩٨٧ ، ص ٥٧ .

(٢) د. صلاح فضل ، نظریة البنائیة في النقد الأدبي ، ط٢ ، دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد – ١٩٨٧، ص ٣٤٨.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤٩ .

# بەشی دووەم

## زمان و ئەزمونی شیعریی نالی:

مەبەست لە ئەزموونی شیعری ، ئەو ڕووداوە گرنگانەیە ، کە کار لە ڕەتی ژیانی شاعیر دەکەن ، هەر لەمیانەی ئەزمونیشەوە شاعیر ئایدیایەکی شیعری بە خوێنەر دەناسێنێ،دەوترێت (( شیعر هێندەی زمانی کۆنە ))[1] یان دەڵێن (( شاعیر زمانە ))[2] ، ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی شیعر بدەین لە مێژووی ئەدەبدا ، ، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانی شیعری هەر شاعیرێك لە فەرهەنگ و ستاتیکە هونەرییەکان پێکهاتووە ، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندییەك دەدات بە شاعیر .

شیاوی باسیشە بەپێی هەر سەردەم و شوێنێکیش ، بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێك ((سەرچاوەی شیعری شاعیر بۆخۆی فەرهەنگی شیعری شاعیرەکەیە ))[3] ، هەر نەتەوە و سەردەمێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لەگەڵ ڕابردوو ، داهاتوو جیاوازە ، هەر ((قۆناغێکیش زمانی خۆی هەیە ))[4] ، کە بەپێی گۆڕان و پێداویستیەکانی قۆناغەکەیە .

لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، زۆربەی دەقە شیعرییە کلاسیکییە کوردییەکان لەسەر کێشی عەرووزیی عەرەبی نووسراون ، بۆیە هەمان بنیاتی شیعری عەرەبیی عەرووزییان هەیە،چونکە لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەلأتدا ، شیعری کلاسیکی لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەسەر یەك بناغە داڕێژراوە ، بەلأم وێڕای ئەوە دەقە شیعرییە کلاسیکییە کوردییەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە تایبەتمەندێتیی خۆیان پاراستووە ، ئەوەش پەیوەندیی بە دوو فاکتەری گرنگەوە هەیە:

١- ئەزمون و مەبەستەکانی کۆمەڵگای کوردی ناوەڕۆکی شیعری کوردیی بەرجەستە کردووە.

٢- شیعری کوردی درەنگتر لە شیعری عەرەبی سەری هەڵداوە ، وێڕای ئەوەی کە ئەو بابەتانەی کە لە ئەدەبی ( جاهیلی ) و سەردەمی تاریکیی کۆمەڵگای عەرەبیدا هەبوون،لەمیانەی بە ئیسلام بوونی کوردەوە ، دۆخێکی نوێی چاکسازی لە ئایدیاو بیرکردنەوەی ئەقاییەتی مەعریفیی شاعیرانی کورددا ڕوویدا .

---

(١) أحمد شاملو ، أز زخم قلب ، گزینە شعرها وخوانش شعر ، ع ، پاشائی ، مەنشر حشمە ، چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٥ ، ص ١٩ .

(٢) منبر العكش ، أسئلة ، الشعر ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، سنة ١٩٧٩ ، ص ٢٥١ .

(٣) ئاڤان علی میرزا توفیق ، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لە بەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا ، ماستەرنامە ، ساڵی ٢٠٠١ ، سلێمانی ، ل ٦٠ .

(٤) د. محمد محمود ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر ، الشركة العامة لكتاب ، بيروت ، ١٩٦٩ ، ص ١٦٩ .

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ، شیعری کلاسیکیی کوردی تەکانێکی نوێ بوو ، بەو مانایەی کە پەیڕەوی کردنی شەنگست و ڕەهەندەکانی ئایینی ئیسلام بوو ، چ لەڕووی زمانەوە و چ لەڕووی بابەت و وێنە شیعرییەکانیشەوە ، بڵاوبوونەوەی بیری چاکسازی و سۆفینیزمیش ڕەوتێکی تریان بە ناوەڕۆکی شیعری کوردی بەخشی .

لەسەردەمی میرنشینی باباندا زمانی شیعری کلاسیکی گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی ، بە جۆرێك ( نالی ١٨٠٠ – ١٨٧٩) وەکو دامەزرێنەری ئەو قوتابخانە شیعرییە ، بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانە شیعرییەکەی سوودی لە دیالێکتەکانی تری کوردی وەردەگرت ، هەروەها ووشەگەلێکی کوردیی نوێی هێنایە ناو فەرهەنگی شیعریی ئەو سەردەمەوە، کە تا سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەم ، شاعیرانی کورد لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، هەمان زمانی شیعریی ( نالی )یان پەیڕەو دەکرد .

شیعرنووسین لەلای نالی ، وەکو بنیاتێکی سەرەکی و کێشەیەکی گەورە تەماشای کراوە ، نالی بەردەوام بە دوای جوانترین زماندا دەگەڕا ، کە لە زمانی پێش خۆی جیاوازتر بێت و هەوڵیشی داوە شیعرییەتی پێ بخاتە نێو چوارچێوەیەکی هونەرییەوە ، تا زمانە شیعرییەکە ئاماژەو دەلالەتی زۆرتر بگرێتەخۆی و لە پانتایی ئەندێشەو خەیاڵی شیعریدا، مەبەستەکەی بە خوێنەر بگەیەنێت ، زمان لەلای نالی سەلماندنی زات و ناسنامەی بوونی نەتەوەیە ، بۆ نمونە کە وتوویەتی:

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

بێتە حوجرەم،پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بەڕۆح

هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا[1]

نالی لە ڕێگای شیعرەکانییەوە ، لە ئەزموونی خۆی دەدوێت ، بەوەش گوزارشت لە حاڵەتێکی زاتیی خۆی دەکات ، یان بە شێوەیەکی گشتی باس لە هەڵوێستە نەتەوایەتییەکان دەکات. بەڵام ئەزموونی شاعیر جێگیر نییە ، بەڵکو بە پێی قۆناغەکانی پێگەیشتن و گۆڕانی ڕووداوەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت وگەشە دەکات . زمانگەرایی لەلای نالی ، یەکتاکردن و گەیاندنی پرۆسەی کردە کۆمەڵایەتییەکانە ، کە لەمیانەی شکاندنی ڕێچکەی شاعیرانی تر ، بیری نەتەوایەتیی بەرجەستە دەکرد ، نێوەندی ئەدەبیی سەردەمی نالی تانەیان لێ دەدا ، کە بۆچی بە کوردی شیعر ئەنووسێت ، بەڵام ئەزموونەکەی نالی وا ئەخوازێت ، کە مەبەستە ڕاستەقینەکەی بگەیەنێت .

لە پرۆسەی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی نالی دا ، تەنها بە تێگەیشتنی یەك بە یەکی ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی لەیەك دابڕاو ، ئیستاتیکای شیعرەکانی بەدی ناکرێت ، چونکە ئەو

---

[1] نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٠٧.

کرداره دەبێتە هۆی ئەوەی ، بە بۆچوونێکی بەرتەسکەوە بڕوانرێتە شیعرەکانی ، لە کاتێکدا بە تێڕوانینێکی هونەریی گشتگیرییەوە ، مەبەستەکانی دەقە شیعرییەکانی بەدی دەکرێت .

کەریم شارەزا لەو بارەیەوە دەڵێت:(( نالی لەچاو شاعیرانی سەردەمی خۆی وەستاترو بەتەمەنتر بووە لە کرداری بنیاتنانی قوتابخانەیەکی نوێی ئەدەبی کوردی و گەشەپێکردنی زمانە ئەدەبییەکەی ، هونەری شیعرە بەرزەکانی بوون بە دەستوری شیعردانان بۆ شاعیرانی دوای خۆی ، ئەدەبە پتەوەکەی نەتەوەی کوردی هێنایە سەر ئەو باوەڕو قەناعەتەی کە بڵێ،زمانێکی زیندووەو هەموو جۆرە هونەرێکی ئەدەبیی پێ دەنووسرێ ))[1].

زمانی شیعری لەلای نالی ، ئەو ئەزموونە شیعرییەیە ، کە لەمیانەیەوە چەند دەستەواژەیەکی شیعریی بۆ مەبەستێك بەکارهێناوە ، هەر لەمیانەی زمانیشەوە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەزموونی شیعری لەلای نالی بەرجەستە بووە . چونکە شیعر لە ئەزموونی شیعریی تاکەکەسیی شاعیرەوە دروست دەبێت،بەو مانایەی کە ئەزموونی شیعری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە داهێنانی کەسایەتیی شاعیرەوە هەیە ، کە بەها تەکنیکییەکانی شیعری تێدا بەرجەستە دەبێت.

بەکارهێنانی ووشەی کوردی بە مەبەستی بایەخدان بە فەرهەنگی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نالی ، چونکە ئەزموونێکی شیعریی لە شکاندنی زمان لەلای نالی دروست بووە ،کە چێژ وەرگرتن لەشیعرەکانی ، لە بەناو یەکچوونی زمان و وێنەو دەربڕیندا هەیە ، بە ڕادەیەك لە پیادەکردنی زمان و ڕەخساندنی بۆ بەرجەستەکردنی بابەتە ڕەوانبێژییەکاندا ، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان قۆناغی نالی و قۆناغەکانی پێشووترو پاشتریشدا بەرچاو دەکەوێت .

نالی لەلایەکەوە زمانێکی نزیك لە فەرهەنگی خەڵکیی بەکارهێناوە ، لەلایەکی تریشەوە شیعرییەتێکی زمانی و وێنەیی بە شیعرەکانی خۆی بەخشیوە ، چونکە (( بە بێ شکاندنی ئەو دەلالەتە جەبرییانەی زمان هەڵیگرتووە ، وێنەکانی واقیع گۆڕانی ڕادیکالیانەی بەسەردا نایەت،زمانێکی کۆن لەسەردەمێکی نوێدا ، مانای ئەوەی ئێمە هێشتا هۆشیارییەکانمان دەبێت پەیوەندی بە ستراکتۆرە دێرینەکانەوە نەگۆڕاوە ، تا دەلالەتی وشەکان نەگۆڕێن ، دونیا هەر لە جێگای خۆیدا دەبێت ، چونکە دواجار ئەوە وشەکانن دونیا بۆ ئێمە وێنا دەکەن ))[2]. بۆ نمونە نالی وتوویەتی:

بە نەشئەی سستی یو مەستیی وەها مەستوورو مەخموورە

نزانم <u>خەو</u> لە <u>چاوتدایە</u> یا <u>چاوت</u> لە <u>خەودایە</u> ![3]

لەم شیعرەدا نالی زمانێکی بەکارهێناوە ، کە مەبەستی پێکانی دوو مەبەستی سەرەکی بووە:

**یەکەمیان:** وەسفکردنێك لە چوارچێوەی یاریکردن بە ووشە ، کە ئەوەش بووە بەهۆی بە شیعرییەت کردنی وێنەکان لەناو تەعبیرێکی ئیستاتیکیدا ، بەو پێیە دوو زاراوەی (خەو لە

---

[1] کەریم شارەزا ، نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، چاپخانەی ( البغدادیة ) ، ١٩٨٤ ، ل٤ .

[2] بەختیار عەلی ، لە دەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانا ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە (١) ، ساڵی ٢٠٠٥ ، ل٢٧.

[3] نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، ل ٥٥٧ .

چاوتدایه ) و ( چاوت له خەودایه ) لەڕووی ماناوە  یەکن ، بەڵام لەڕووی شیعرییەتەوە ، نالی بە دوو ئیستاتیکای جیاواز بەرامبەر بە ( سستی ) و (مەستی ) بەکاریهێناوە .

**دووەمیان:** پەیڤی ( نزانم ) ، کە وشەیەکی کرمانجیی سەرووە ، یان ڕەنگە نالی لەبەر زەرورەتی شیعر بەکار هێنابێت ، لەبری ووشەی (نازانم ) بەکاری هێناوە ، کە ژمارەی بڕگەکانی هەریەك لەو دوو ووشەیە ( سێ ) بڕگەیەو ئەگەر نالی ووشەی ( نازانم ) یشی بەکاربهێنایە ، ژمارەی بڕگەکانی نیوە بەیتەکە تێکنەدەچوو، کەواتە نالی بە بەکارهێنانی ئەو وشەیەو زۆر وشەی تری لەو جۆرە ، ویستوویەتی زمانێکی کوردیی ستاندەر بەکار بهێنێ ، ئەوەتا لە نمونەیەکی تردا وتوویەتی:

خاوو بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز

چاوەچاوی یەک غەزالە چاوم ئەز

گەر نییە ئاور لە سینەمدا بەتاو

بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟!

ناری سینەم گەر نەبێ ، غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ ، سووتاوم ئەز

غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە

دەس لە ( مافیها )ی زەمان بڕیاوم ئەز[1]

هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە ، کە (( زمانی شیعر ، زمانی دەربڕینی ئیستاتیکاو هەڵچوونە ، کە هێزێکی کاریگەر دەخووڵقێنێ بۆ بنیاتنانی پردێك لە نێوان شاعیرو خوێنەردا،کە بە هۆیەوە شاعیر دەتوانێت بە ئەوپەڕی بەهێزی و کاریگەرییەوە ، ئەزموونی تایبەتیی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر ))[2].

ئیستاتیکای دەربڕینی زمان  زۆر بە ڕوونی لەمیانەی شیعرەکانی نالی دا بەرچاو دەکەوێت، لەڕووی ئیستاتیکای دەقەوە ، نالی توانیویەتی زمانێکی ئیستاندەری کوردی بەرجەستە بکات ، لەمیانەی ئامێتە کردنی وشەو دەستەواژەی نێو دیالێکتە کوردییەکان،ئەوەش بۆ توانای نالی دەگەڕێتەوە لەڕووی زمانەوە ، بۆ نمونە هەر لەو نمونەیەی سەرەوەدا ، وشەکانی ( ئەز ، قوڵقوڵ ، ئەمن، بڕیاوم ) ی بەکارهێناوە ، لەڕووی ناوەڕۆکی شیعریشەوە ، شیعرەکانی نالی چەند بنەمایەك بەرجەستە دەکەن ، لەوانە:

## یەك: بنەما ئایینییەکان:

یەکێك لە پەیڕەوەکانی ئاینی ئیسلام ، جەخت کردنە لەسەر جێبەجێ کردنی شەنگستە ئاکارییەکان،شاعیران هەردەم لە پەیامەکانیاندا مەبەستیان گەیاندنی ئەو ڕەهەندانەیە،بۆ ئەوەی خوێنەر بخەنە سەر ڕاستەڕێی کردارە ئاکارییەکان و چاکسازیی کۆمەڵایەتی ، نالی لە زۆربەی دەقە

[1] نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، ل ٢٢١ – ٢٢٢ .

[2] د. عبدالکریم راضي جعفر، رمادالشعر،الطبعة الاولى ، دارالشؤون الثقافیة العامة ، بغداد ، ١٩٩٨ ، ص١٢٦.

شيعرييەكانيدا ، مەبەستە ئاكارييەكانى بەرجەستە كردووە ، كە ئەوەش بەشێكە لە ئەزموونى شيعريى نالى ، بۆ نمونە وتوويەتى:

بەرگى دنيا هێندە كورت و كۆنەوو بازاڕييە

چونكە ناگاتە گونى دێوانەكەى ، لێى عاريە

من لە بێ بەرگيى( مەخەم ) م پرسى، كە بۆچ ڕووتى؟ وتى:

(( ڕەببى من شێت بم ، ئەگەر شاد بم بە بەرگى عاريە! ))

خەلعەتى تەشريفى هەركەس بێ چييە ، غەيرى كەفەن !

هەر ئەوە هەم فاخيرەو بۆ ئاخيرەو يەكجاريە [1]

ووشەكانى( بەرگى دنيا – كورت – كۆنە – بازاڕى – بێ بەرگى – دێوانە – بەرگى عارييە – خەلعەت – كەفەن – ئاخيرە ) ، كۆمەڵێك زاراوەى مەجازين بە مەبەستى بێ بەهايى ژيان بەرجەستە كراون .

**دوو: بنەما دەروونييەكان .**

لە فەرهەنگى شيعريى هەر شاعيرێكدا ، كە پەيوەنديى بە زمانى شيعرييەوە هەيە،كۆمەڵێك ووشە هەن كە ڕەهەندى دەرونى دەبەخشن و وابەستە بە لايەنى ڕارايى و خەم و ئازارى دەروونيى شاعيرن ، كەواتە بنياتى سەرەكيى ئەو جۆرە شيعرانە لە هەست و سۆزى غەمبارييەوە دروست دەبێت ، كە زمانى شيعرى ئەم جۆرە شيعرانە پابەندە بە وشەى تەنيايى و نائارامى و تێكچوونى بارى دەروونيى شاعيرەوە . هەندێك جار نامۆيى لە تەواوى ئەو شيعرانەدا دەبينرێت ، كە ووشەكانى دەربڕى هەستى دەروونيى شاعيرە .

دەقى شيعرى لەلاى نالى ، تەعبير كردنە لە حاڵەتێكى دەروونى، پاشان شيعرەكانى لەڕوانگەى گەياندنى مەبەستەوە ، بەپێى پێويست و ڕەوتى بابەتەكەيەوە لە ناكۆكى و گرژييەوە دروست دەبێت ، پاشان هێمنييەكى كاتيى بەدوادا دێت و ئينجا گرژييەكەى توندتر دەبێت و زياد دەكات ، بەو شێوەيە هەر دەقە شيعرييەك هەموو تواناكانى لە خۆ دەگرێت و ئەو ڕەوتە دەكاتە تەوەرێك لە تەوەرە سەرەكييەكانى ڕووداوەكان .

لەو ڕوانگەيەوە دوو ڕووداوى گرنگ كاريگەرييان بەسەر تێكچوونى بارى دەروونيى نالييەوە هەبووە:

**يەكەميان: زاتييە :** ئەويش لە دوو حاڵەتى ورووژانى جياوازو دژ بە يەكدا بەرجەستە دەبێت :

**أ ـ ئەڤينى حەبيبە :**

چەمكى جوانى و خۆشەويستى ، لە ئەنجامى پەيوەنديى مرۆڤ بە حاڵەتە سايكۆلۆژييەكانەوە پەيدا دەبێت ، بە مانايەكى تر ئيستاتيكاى دەقى شيعرى ، بۆ هەڵوێستى تايبەتيى شاعير دەگەڕێتەوە ، سەبارەت بە جۆرى هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ بابەتەكەدا ، لەو ڕوانگەيەوە زۆرجار

[1] نالى ( ديوان ) ، مەلا عبدالكريمى مدرس و فاتح عبدالكريم ، ل ٥٧٨ – ٥٧٩ .

نالی لە خۆشەویستیی حەبیبەدا ، بابەتی ناشیرین دەکات بە مەبەستی شیعرو بۆ وەڵامدانەوەی پرسی کەسانێك ، بە شێوازێکی ئیستاتیکییانە دایدەڕێژێتەوە ، بۆ نموونە کە وتوویەتی:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە ، یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا
چاوی هەم ڕەنگی گوڵی ، مەستی شەوو ڕۆژن مەدام
یەک لە نەشگوفتەی بەنەفشە،یەک لە نەیلۆفەر دەکا
عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی
کەچ نەظەر کەی فەرقی خوارو ژوورو ، خێرو شەڕ دەکا ؟![٢]

لەم دەقە شیعرییەدا ، نالی بە تێڕوانینێکی شاعیرانەوە ، بەرامبەر بە حەبیبە ئیستاتیکای مەبەستێك بەرجەستە دەکات ، کەوا لە کەسانێك دەکات ( خێل ) یی چاوی مەحبووبە لەبیر بکەن و بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ( خێل ) ی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی جوانی و نازبەخشی،بەو مانایەی کە لەمیانەی زمانێکی مەجازییەوە واقیعی ڕاستەقینە بۆ وێنەیەکی تر ئاوەژوو دەکاتەوە ، کەواتە نالی ئایدیایەکی تری لە دیمەنێکی ناشیرینەوە بۆ جوانییەك بەرجەستە کردووە ، کە هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە حەبیبە (خێل) بووبێت ، بەڵکو ( کەچ نەظەر – خێلی)ی چاوی ئەو کەسەی کە تانە لە نالی دەدات ، چاوی حەبیبە بە ( خێل ) تێدەگات:

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی
کەچ نەظەر کەی فەرقی خوارو ژوورو ، خێرو شەڕ دەکا ؟!

## ب ـ مردنی لەناکاوی حەبیبە:

نالی لە بارودۆخێکی دژوارو نالەباردا ، دوو ساڵ پاش مردنی حەبیبەی خۆشەویستی،نامۆیی دەکات بە مەنزڵگای خۆی ، بەکارهێنانی ئەو وشانەی ، کە گوزارشت لە باری گۆشەگیری و خەمباریی دەکەن ، ڕەنگدانەوەی هەستی نالین بەرامبەر بە ژیان ، کە تروسکاییەك ئومێد لە ئێستاو داهاتوودا نابینێت ، ڕەشبینی بە جۆرێك باڵی بەسەریدا کێشابوو ، کە خۆی لە وێنەی نامۆبووندا دەبینییەوە:

لەکن من باوجودی ناس و ئەجناس
کەسی تێد نییە ئەم شارە بێ تۆ
هەتا تۆم ئاشنا بووی ، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ [١]

---

[٢] نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، ل ١٠٨ – ١٠٩ .

[١] نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، ل ٣٨٣ – ٣٨٤.

دووەمیان: **گشتییە :** ڕووخاندنی میرنشینی بابان بە دەستی تورکە عوسمانییەکان،کاریگەرییەکی خراپی بەسەر باری دەروونییی نالییەوە هەبوو . نامە بەناوبانگەکەی بۆ (سالم ) ، تەعبیرێکی ڕاستەقینەی هزرە نەتەوایەتییەکەیەتی بەرامبەر بە لەبین بردنی میرنشینی بەبە ، بۆ نمونە کو وتوویەتی:

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیالْ !

ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوگور ؟!

لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ ڕەنگە بێ بە ئاوو بە چاوا بکا عوبور !

ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە ،

یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور ؟ [٢]

کەواتە هاوکێشەی ڕەخساندنی زمان لە ئەزمونی شیعریی نالی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




## ئەنجام

لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، زمانی شیعری بۆ دەرخستنی ئەو مەبەستەی کە شاعیر دەیویست دەریببڕێت ، کایەیەکی سنورداری هەبوو ، بەڵام زمانی شیعریی ئێستا جیاوازترە ، زمانی شیعری مەبەست و ڕەهەندەکانی زۆر بە ئاسانی دەگەیەنێت ، هەروەها لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیش بوون بە مایەی خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ دەق ، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێ ، کە شاعیر لە گەیاندنی مانای ووشەکاندا –وەکو واتای خۆی – بیر ناکاتەوە ، بەڵکو لە ڕستە شیعریەکان و لەمیانەی خوێندنەوەی جۆراو جۆرەوە مەبەستەکەی دەردەکەوێت .

لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، وەکو پەیڕەوێکی تایبەت و لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی، بە تایبەتی ئەدەبیاتی عەرەبی – ئیسلامی ، زمانی شیعری گرنگییەکی تایبەتیی هەیە لەڕووی بەرجەستە کردنی ئەزمون و بابەتی شیعرییەوە،نالی ( ١٨٠٠ – ١٨٧٩ ) ، بە ڕابەری شیعری کلاسیکیی کوردی دادەنرێت ، چونکە لە ڕووی ئەزمون و بەرجەستە کردنی زمانی شیعری

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٦– ١٩٧ .

و سەرجەم بابەتە ڕەوانبێژییەکانەوە ، دەستێکی باڵای هەبوو ، بە تایبەتی لەمیانەی پەیڕەوی کردنی ڕێساکانی شیعری کلاسیکی و لایەنە ڕەوانبێژییەکانەوە ، کاتێك لە دەقی شیعریدا ، ئەزمونی تایبەتی شاعیرو زمانی شیعری لە چوارچێوەیەکی شیعریدا بەرجەستە دەبن ، دەقێکی ئیستاتیکی بەرهەم دەهێنرێت .

لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەوە کە بە ناونیشانی ( زمانی شیعری – لەنێوان ئەزمونی شاعیرو ئیستاتیکای دەقدا – نالی وەکو نمونە ) یە ، هەوڵماندراوە کە ئەدگارو ئەرکەکانی زمانی شیعری لەمیانەی هەندێك دەقە شیعرییەکانی نالییەوە بخەینەڕوو .

چونکە زمان پێکهاتەیەکی سەرەکیی شیعرە ، بۆیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا،گرنگییەکی تەواوی پێدەدرێت و ئەرك و ئەدگارەکانی لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا بەرجەستە دەبێت ، لەڕووی زمانی شیعرییەوە ، نالی دەسەڵاتێکی باڵای هەبووە ، لەمیانەی تەوزیف کردنی زمان لە چوارچێوەی وێنەی شیعری و گەمە کردن و جێگۆڕکێکی زمانەوانیدا .

## ملخص البحث

اللغة الشعرية من أكثر مواضيع الادب جدة و اثارة للاهتمام ، ومن أكثرها أرتباطا بالحركة الشعرية الكلاسيكية ، و خاصة في القرن التاسع عشر ، ضمن اهتمام واسع باللغة من قبل الشعراء الكورد ، حيث بدا أهتمامهم البالغ باللغة الشعرية ، و قد مس هذا اللغة الشعرية بصفتها مفهوما ادبيا فريدا يتقدم مفاهيم الادب الاخرى .

الا ان اللغة في الشعر الكلاسيكى الكوردي ، استمدت خصوصيتها من المفاهيم الاسلامية و مطعمة بالاصول الكوردية ، و خين عمل النقد الادبي الحديث على توضيح اللغة الشعرية و تاكيد تميزها عن لغة الاجناس الادبية الاخرى ، مستندا الى مجمل الوعي الشعري و اللغوي الذي أحدثة ذلك العصر ، فأن اللغة الشعرية ظلت مع ذلك محورا لنقاش مستديم .

نحن أذ نصوغ كلامنا ، نأتي بنموذج ( نالي ١٨٠٠ – ١٨٧٩ ) كأحد أبرز رواد الشعر الكلاسيكي الكوردي مثلا ، الذي أبدع بتوظيف اللغة الشعرية من خلال تجربته الشعرية الواعية لمفاهيم اللغة و أستعمالاته ، حيث أستمد لغته الشعرية من تراث الادب الاصيل المركب من الثقافة العربية – الاسلامية،دون أن ينسى التراث اللغوي الكوردي .

في هذا البحث الموسوم ( اللغة الشعرية بين تجربة الشاعر و جمالية النص – نالي كنموذج)حاولنا أن نتطرق الى كيفية توضيف اللغة عند نالي ، من خلال تجاربه الشخصية ، من مغرم بعشيقته (حبيبة ) مرورا بوفاتها ، ثم سفره الى خارج كوردستان ، و سماعه نبأ سقوط الامارة البابانية ، و حتى وفاته في الغربة .

# !Abstract

!

*In classic Kurdish verse ,the poetical language is expressing the purpose by the poet wants differently in texts. It had a frame pole, but the recent poetical language is different .The poetic language purpose and its dimensions are understood easily. The linguistically analysis became the source of different readings for the texts. It means that the poet in expressing the words –in their own meanings- does not think .But in the poetic sentences and multiple readings appear the purpose.*

*In classic Kurdish verse as a special style and imitating the eastern literature, specially Arabic –Islamic Literature ,the poetical language has its own importance in appearing the experience and the poetical subject .Naly (1879-1800),is considered as the leader of the classic Kurdish poetry, because in experience and appearing the poetic language and the figurative subjects, had a great role, specially in the field of employing the classic poetry and its figurative sides ,when in the poetic texts ,the poet's special experience and the language of the poetry appear in a poetic frame ,result a statistic text.*

*In this research under the title(the poetic Language-between the poet's experience and the statistic text-such ads Naly),we tried to show specialists and the duties of poetry .*
*Because language is the main source of creating poetry. So in literary criticism ,it is taken important carefulness specialists and the duties of poetry appear in a poetic text frame and appearing the poetic language Naly had a great role, in using language in the frame of figurative language ,playing and exchanging the language.*

# سەرچاوە

**- بە زمانی کوردی:**

(١) ئاڤان علی میرزا توفیق ، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لە بەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا ، ماستەرنامە ، ساڵی ٢٠٠١.

(٢) بەختیار عەلی ، لە دەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانا ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە (١) ، ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) پەڕێز سابیر محەمەد ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێ کردنەوەی شیعر ، چاپی یەکەم ، بلاوکراوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – ٢٠٠٦.

(٤) کەریم شارەزا ، نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، چاپخانەی ( البغدادیة ) ، ١٩٨٤ .

(٥) نالی ( دیوان ) ، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ، ١٩٧٦.

**- بە زمانی عەرەبی:**

(١) تزفيتان تودوروف ، الشعرية ، ط١ ، ت:شكري المبخوت ورجاء بن سلامة ، ( ط ١ ) ، دار توبقال للنشر – المغرب ، ١٩٨٧ .

(٢) د. عبدالكريم راضي جعفر، رمادالشعر،الطبعة الاولى ، دارالشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٨ .

(٣) عدنان حسين العوادي ، لغة الشعر الحديث في العراق – بين مطلع القرن العشرين والحرب العالمية – الثانية ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، ١٩٨٥ .

(٤) د. صلاح فضل ، نظرية البنائية في النقد الأدبي ، ط٢ ، دار لاشؤون الثقافة العامة ، بغداد – ١٩٨٧ .

(٥) د. محمد محمود ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر ، الشركة العامة لكتاب ، بيروت ، سنة ١٩٦٩ .

(٦) منبر العكش ، أسئلة ، الشعر ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، سنة ١٩٧٩ .

**- بە زمانی فارسی:**

(١) أحمد شاملو ، أز زخم قلب ، گزينه شعرها وخوانش شعر، ع، پاشائی، مەنشر حشمه، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٥.